# پێش کۆچی ئەستێران



نەوزاد رەفعەت

نازانم کەی!
بەمەزەندە چێشتەنگاو بوو
شەو، باریبوو
شەقام، پڕ وردە گۆلاو بوو
هێشتا هەور.. لوتکەکانی بەرنەدا بوو
بەدەم رێوە
زوو زوو.. قاچم تێکدەئالاَ
بەدەم باوە
کوکوختیو دەرگاو پەنجەرەو دیوارەکان..
دارتێلەکان.. کالبتۆسەکانی شەقام..
کە وایان دیم.. لێیان پرسیم:
(مەبەستیی شەوت پێوەماوە
دیارە زۆرت خواردووەتەوە
دیارە تا ترۆپکی هەوەس
باڵت لە بڵێسەی میهر وەریناوە).
گوتم: (نا.. نا..
هەتا سووتان
هەتا پێش کۆچی ئەستێران
ئەناهیتای من: دەزگیران
ئەناهیتا..
نەیهێشت بنووم!
هەر پەرداخی لێواولێو هەنگوینی چێژی بۆ تێکردووم!
بەوشەوە.. دەتگوت هەتاوە!
دەتگوت مانگی چواردەیە خەرمانەی داوە!
ئەو نەبێت، پشیلەی خەفەت
کۆترەکانی رۆحم دەخوات
ئەو نەبێت، کۆرپەی پەیامی پیرۆزی ڤین
ئاووئاو.. دۆڵاو دۆڵ.. دەڕوات
ئەو نەبێت ئەو..
گەمیی نووحیش
سیمرخیش دەربازم ناکات!).